## گۆڤاری هەڵاڵە

گۆڤاری "هەڵاڵە" یەکەم چاپەمەنییە کە لە بۆکان چاپ و بڵاو کرابێتەوە. گۆڤارەکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) لە چاپخانەیەک چاپ کراوە کە نەمر حەسەنی قزڵجی بەڕێوەی بردوە. شوێنی چاپخانەکە، سەر حەوزەگەورەی بۆکان و ڕووبەڕووی "خوڕێنک" بوە، کە دواتر کرایە کارگەی قەندی نەمر حاجی قاسمی کەریمی. نەمر هەژاری موکریانی یاریدەدەری قزڵجی بوە لە ئامادەکردنی هەڵاڵەدا. یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (١٩٤٦) و سێهەم – واتە دواژمارەی لە بانەمەڕی هەمان ئەو ساڵە دا بڵاو کراوەتەوە. کاک موحسین قزڵجی لە کتێبی "سەرجەمی بەرهەمی حەسەنی قزڵجی" دا، دەقی هەر سێ ژمارەکەی بڵاوکردۆتەوە.

زۆرێک لە هەواڵ و بابەتەکان لە پەیوەندی بۆکاندان و نووسەری بابەتەکانیش زۆریان هەر بۆکانین. لە ژمارەی یەکەمی هەڵاڵەدا، هەواڵی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای سەرداری بۆکان ڕاگەیێنراوە. ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵا، هەینی ١٣٢٤\١٠\١٧ [١٩٤٥\١٢\٢٨]ە. هەر لەو شوێنە دا دوو پارچە شیعر بڵاوبوونەتەوە، کە نەمران سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) و عەبباسی حەقیقی لە ڕێ و ڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە بۆکاندا خوێندوویانەتەوە و من لێرەدا دەیانهێنمەوە.

لە کۆتایی شیعری یەکەمدا نازناوی "زرینگ" هاتوە کە بریتیە لە ناوی نهێنی جەنابی سەید کامیل لە کۆمەڵەی ژێکاف دا:

شیعری ئاغای سەید کامیل

| | |
|---|---|
| لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز | خاسە بۆ وانە لەگەڵ مە ن دڵسۆز |
| بۆ ئەوانەی کە بە پێشواز هاتن | فیرقەیی پیادە و چەند سواری قۆز |
| هەر بژین میللەتی کوردی بە ئەبەد | هەر بە شان هەڵگرن ئاڵای فیرۆز |
| دوژمنی کوردی هەڵات بۆی دەرچوو | ڕێویە و کلکی ئەوا گرت لە گەڵۆز |
| بەسە ژێردەستی و حیزی، تا کەی | ئێمە نۆکەر بین، ئەوان لێدەن پۆز؟ |
| نەتەوەی خۆ لە هەموو جێ دەرکەن! | تەقڵەکوت حەملە بەرن، بیکەنە تۆز! |
| هەر بە شاباڵی هومای ئاڵای خۆ | لەشکری دوژمنی خۆ کەن ئاڵۆز |
| تانگ و ماشێن و زرێی لێ بگرن | با لەکۆڵ بێتەوە سواری کەرە بۆز |
| وا "زرنگ" بانگودەکا: ئاڵاتان | لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز! |

## شیعری ئاغای حەقیقی

هاتەدەر رۆژ لە بورجی مینا رەنگ    لاچوو تاریکی، تێپەڕی شەوەزەنگ
گوڵی شادی لە باغی ئازادی    هاتەدەر زۆر بە ناز و عیشوە و رەنگ
بلبلی نیشتمانی کوردستان    دەچریکێنێ بۆی بەسەد ئاهەنگ
کوڕەکانی دە رەقس و شادی دان    جێژنیانە کچانی شۆخ و شەنگ
دەنگی مووزیک و پێی پیادەنیزام    زلزەلەی خستە خەیمە یی ئەورەنگ
رۆژی فەتح و زەفەر هەڵات ئەوجار    حمداڵلە تەواو بوو رۆژی تەنگ
دەستی چابوک سواری خوشبەختی    دایکوتا داری بەیرەقی سێ رەنگ
دارێکی دا بە روحی دوژمندا    بەردی نا سەر، سەریشی نا بن سەنگ
هاتیفێ یا فریشتەیی ئیقباڵ    ئەو قسەم پێ دەڵێ بە قاو و دەنگ:
بڵێ بەو کوردەکانی غیرەتمەند    شێری مەیدان، پڵنگی رۆژی جەنگ،
لاوەکانو لەرێی وەتەنداریی    بەفیداکەن، مەیەننە سەرخۆ نەنگ!

سەرچاوە: موحسین قزڵجی، "سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، پاشکۆی ٤.